# بەغدادییەکان
# داوای حکومەتێکی تەکنۆکرات دەکەن

ڕاپۆرتی - بەرا ڕەئوف و ئیبراهیم ئیسماعیل- بەغدا

لە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١٢/١٥و ئاشکراکردنی دەرەنجامەکانی دانیشتوانی شاری بەغدا و ناوەڕاستی عێراق بۆچوونی جیاجیایان هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت و ئایندەی وڵات، بەڵام هەموو لایەك کۆکن لەسەر دابینکردنی ئارامی و دانانی کەسانی لێهاتوو لە پۆستەکاندا بەمەبەستی خزمەتکردنی هاوڵاتیان بە باشترین شێوە.

(زەینەب عەزبز سەرحان) قوتابی بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەدە لە زانکۆی بەغدا دەڵێت"حکومەت لەسەر بنەمای لێهاتوویی پێکبێت باشترە، چونکە ئەگەر لەسەر بنەمای موحاسەسە بێت ناتەواوی ڕوودەدات لە کۆمەڵگە و نێگەتیفانە دەشکێتەوە بەسەر کۆمەڵگا" ئەو دەڵێت"ئەمە کارێکی قورسە بەڵام بە دڵنیاییەوە حکومەت توانای تێپەڕاندنی دەبێت" سەبارەت بە قۆناغی ئایندەش گەشبینی خۆی نیشاندا بەوەی کە گۆڕانکاری بەرچاو بە خۆوە دەبینێ لەگەڵ باشبوونی بارودۆخ بە بەراوورد لەگەڵ قۆناغی ڕابردوودا.

هاوڵاتی (عومەر حەمید مخێلف) لەگەڵ دەربڕینی بێزاری خۆی لە مەزهەبیەت لە هەمان کاتدا مەترسی پارچە پارچە بوونی عێراقیشی هەبوو، ئەو پێی وابوو "کە گرنگترین شت ئەوەیە حکومەت لەسەر بنەمای مەزهەبی نەبێت و هەوڵی بە فیدراڵیکردنی عێراق نەدرێت و هیوای خواست حکومەت حکومەتی خەڵك بێت نەك کورسی"

(ئەنوەر عەبدولڕەحمان سوهەیل) نوێنەری یەکێتی قوتابیان و لاوانی عێراق لە کۆلێژی ئاداب وای دەبینێ"هیوای هەموو عێراقیەك ئەوەیە حکومەتی تەوافقی پێکبێت کە نوێنەرایەتی توێژەکانی گەلی عێراقی بکات" چاوەڕێی ئەوەش دەکات"باری ئاسایش لە قۆناغی ئاییندەدا بەرەو باشی بڕوات و کارە تیرۆریستیەکانیش کەم ببێتەوە "



"بەشداریکردنی کەسانی تەکنۆکرات لە پێکهاتەی حکومەت" داواکاری دکتۆر (ئیحسان موحەممەد ئەلحەسەن) بوو کە سەرۆکی کۆمەڵەی عێراقیە بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان و خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، داواشی کرد حکومەتی نوێ نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەو پارت و ڕەوتەکان بێت و نەیدەویست" تەنها لیستێك یان دوان بە جیا حکومەت پێکبهێنێت"، چونکە"بەشدارینەکردنی توێژێك دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە و بەردەوامبوونی کاری تیرۆریستی" دیسان داواشی کرد کە حکومەت خزمەتگوزاری و بەرژەوەندیەکان بۆ خەڵك بەدیبهێنێ، دکتۆر ئیحسان لەپاڵ ئەو بۆچوونانەدا پێی باشبوو"داگیرکەر بە زووترین کات بڕواتە دەرەوە" لەم پێناوەشدا گرتنەبەری "ڕێگەی ئاشتییانەو پلەبەندی بەباشزانی نەك کردەوەی سەربازی"

کاسبکارانیش داوایان کرد بارودۆخی وڵات بەرەو پێش بچێت، (نەبیل حیکمەت عەبدولحسێن) پێشنیاری حکومەتێکی کرد کە "نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان بکات"، گرنگترین شتیش بەلای ئەوەوە "بەرقەراربوونی ئاسایش و ئارامی" بوو.

مامۆستا (موحەممەد ئەحمەد موسا) کە مامۆستای دواناوەندییە وتی "با بە کردەوە حکومەتێکی نیشتمانی دروست بکەین نەك تەنها بە وتەو دروشم، چونکە ئەگەر بە ڕاستی حکومەتی نیشتمانی دروست ببێت ئەوا بارودۆخەکەش بەرەو باشی دەچێت". ڕووی دەمیشی کردە بەرپرسان کە پێش ئەوەی بیر لە "کورسی و بەرژەوەندییەکانی خۆیان" بکەنەوە با "بەرژەوەندی خەڵکیان لەبەرچاوبێت"

(دایکی عەلی) کە ژنی ماڵەوەیە بەلایەوە گرنگ نەبوو کە کێ حکومەت پێك دەهێنێت؟ بەڵام گرنگ ئەوەیە "مەزهەبی نەبێت و کار بکات بۆ هەر شتێك کە خواو پێغەمبەر پێی ڕازین و دادوەر و ڕاست بن"، چونکە "خەڵکی عێراق هیلاك بوون"، سەبارەت بە ئایندەش وتی "بە ویستی خوا باش دەبێت هەرچەندە ئێمە دەترسین"

ئەندازیار (کازم سەرحان)بە پێچەوانەی ڕاکەی پێشوو پێشنیاری کرد لەسەر بنەمای موحاسەسەی مەزهەبی حکومەت پێك بهێنرێت "چونکە هەر کۆمەڵێك خاوەنی کەسانی لێهاتووە، بەڵام دەبێت دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانیش لەبەرچاو بگرین"، لە هەمان کاتدا باوەڕیشی وابوو "قۆناغی ئایندە جیاوازیەکی ئەوتۆی نابێت لەگەڵ ڕابردوو چونکە توێژێکی بەرفراوانی گەلی عێراق کە بریتیە لە عەرەبی سوننە گومانیان هەیە لە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان"